# هەناسەی گەرمی ڕاپەڕین، هێزەکانی ڕژیمی تاساندووە

ناسر ئەمین‌نژاد

مانگی ڕێبەندان، سالوەختی سەرکەوتنی پڕشکۆ دژ بە دیکتاتۆرییەتی پاشایەتی، بۆ ڕێبەر و سەرکردەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو دەورانی سی ساڵەی رابردوودا دەرفەتێک بووە بۆ خۆڕانان، بۆ نیشاندانی هەیبەت و جەبەڕوتی ڕژیمەکەیان. مەیدانێک بووە بۆ فریوکاری، بۆ شاردنەوەی دزینی بەری ئارەقە و ڕەنج و خەباتی سی و چەند ساڵەی گەلانی ستەملێکراوی ئێران دژ بە ڕژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی .

ئێستا پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سی ساڵی پڕ لە ململانێ و خەباتی دەستەویەخەی جەماوەری، وەرەقەکان بە تەواوی هەڵگەڕاونەتەوە. خەڵک دەستی ئەم ڕژیمەی خوێندۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئاستی وشیاری جەماوەری لەمەڕ ناسینی دەروون و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ئەم نیزامە و فرتوفێڵەکانی بەرز دەبێتەوە. دڵۆپ دڵۆپ خۆڕاگری و ڕاوەستانی پڕچنگەکرێی خەڵکی مەینەتدیتوو کە بە درێژایی هەموو ئەم ساڵانە لە پشت دیواری ملهوڕی و دڕندەیی کۆماری ئیسلامیدا پەنگیخواردبووەوە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە و بەرەو ئەو جێگایە دەچێ، کە داروبەرد و سەروماڵی بە جینایەت پێکەوەنراوی ئەم کۆمارە ئیسلامییە ڕابماڵێ. ئێستا ئیتر نە فریوکاری فریای ڕژیم و مانەوەکەی دەکەوێ، نە سەرکوت و زەبروزەنگی زیاتر کەڵکێکی ئەوتۆی پێوە ماوە. ئێستا ئیتر "دێوی" هێزی جەماوەری لە ناو شیشەدا هاتۆتە دەرەوە و خۆی بڵاوە پێکردووە و ڕژیم بە هیچ ئامان و زامانێک دەرەقەتی نایەت و ناتوانێ بیخاتەوە جێگاکەی خۆی.

ڕێبەر و سەرانی نیزامی ئیسلامی کەوتونەتە ئەم بارودۆخەوە کە ئاوا لە سێبەری ڕێبەندانیش دەترسن و لێیان بۆتە تۆق. جاران ئەگەر هەموو وزەی خۆیان بۆ هێنانەدەرەوەی خەڵک لە ماڵەکانیان و بەشداریپێکردنی زۆرەملێ لە شایی و لۆغانی "جێژنەکانی سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی" تەرخان

دەکـــرد، ئێســـتا بـــە پێچەوانـــە هـــەموو توانـــای نیزامـــی و ســـەرکوتکارانەیـــان ڕژاندۆتـــە ســـەر شـــەقام و کۆڵانـــەکان تـــا خـــەڵـــک ڕاپێچـــی ماڵـــەکانیان بکەنـــەوە، تـــا دەنـــگ و دەربڕینـــی نارەزایـــەتی و هـــاواری ڕەوای خـــەڵک بـــۆ نـــان و ئـــازادی کـــپ بکەن و بە چۆکیاندا بێنن.

خۆپیشـــاندانە جەماوەرییـــەکانی 25ی ڕێبەنـــدان و دوێنـــێ یـــەکی ڕەشـــەمە، لـــە تـــاران و شـــارە گـــەورەکـــانی ئێـــران، هـــەروەها تەنینـــەوە و بەشـــداری زۆربـــەی شـــارەکانی کوردســـتانیش ـ بـــە مـــانگرتن و خۆپیشـــاندان، نیشـــانەیەکی بـــەرچاو و ئاشـــکرایە لـــە پووچەڵبوونـــەوەی خەونـــەکانی ســـەرانی ڕژیـــم و تاســـاندنی هێـــزە ســـەرکوتکارەکانیان لـــە لایـــەک و بەرەوپێشـــەوەچوونی هـــەرچی زیـــاتری بزوتنـــەوەی ئازادیخوازانـــەی ئێـــران و کوردســـتان لـــە لایـــەکیتر، کـــە دژ بـــە سەرتاپای ڕژیم لە مەیدان دایە.

ئـــەم شـــەپۆلی دووهـــەمی ئـــاخێزی جەماوەرییـــە لـــە حاڵێکـــدا خـــۆی دەردەخـــات و کەوتۆتـــەوە ڕێ، کـــە دامودەزگـــا تـــەبلیغی و ســـەرکوتگەرەکانی ڕژیـــم زیـــاتر لـــە ســـاڵێکە بـــە هـــەموو توانـــای تـــەبلیغی و ســـەرکوتگەرانەی خۆیانـــەوە جـــاڕی پانکردنـــەوەی ســـەری "فیتنـــە" و مردنـــی بزوتنـــەوە جەماوەرییـــەکانی خـــەڵکی ئـــازادیخواز و نارازییـــان دەدا. هـــەموو هـــەوڵی خۆیـــان خســـتبوە گـــەڕ تـــا تـــۆوی ناکـــامی و بێهیـــوایی بەســـەر خەڵکـــدا بپـــڕژێنن و ســـەرینی خاترجـــەمی بخەنـــە ژێـــر ســـەری دەســـتوپێوەند و هیـــزە ســـەرکوتگەرەکانیـــان کـــە گۆیـــا "ئـــاژاوە"یـــان لـــە کـــۆڵ کەوتۆتـــەوە و ئیتـــر دنیـــا بـــە کـــامی ئـــەوان دەگـــەڕێ. بـــەڵام ڕەوتـــی ڕووداوەکـــان نیشـــانیان دا کـــە بزوتنـــەوەی ئـــازادیخوازی لـــە ئێـــران نـــەک نـــەمردووە، بـــەڵکوو زۆریـــش زینـــدووە و ریشـــەیەکی قـــووڵی هەیـــە و قـــاڵبووی مەیـــدانی خـــەباتی دەســـتەویەخەی ســـی ســـاڵەیە دژ بـــە ئیســـتبداد و ســـەرەڕۆیی و لـــە پێنـــاو نـــان و ئـــازادی و سەربەســـتییە و هـــەتا گەیشـــتن بـــە ئامانجـــەکانیش ـــ کـــە نەهێشـــتنی ئـــەم نیزامە ملهوڕەیە ـ درێژەی دەبێت و دەچێتە پێشەوە.

بەمحاڵەشەوە ئەگەرچی هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە پارسەنگی هێزەکانی ناوخۆیی بە قازانجی بەرەی خەڵک و لە دژی دەسەڵات قورس بۆتەوە و لەم بوارەدا گەلێک پێشکەوتنی گەورە بەدەست هاتووە، بەڵام بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران و لە کوردستانیش هێشتا رێگایەکی دژواری پڕ لە کەندولەندی لەبەر دەمدایە.

لەم بەربەرەکانێ مێژووییەدا ئەگەرچی قەوارەی دەسەڵات درزی گەوری تێکەوتووە، بەڵام هێشتا گەلێک زەرفییەت و ئیمکاناتی مادی و سەرکوتکاری لەبەر دەستدایە کە دەتوانێ مەیدانی خۆدەربازکردن و مانۆڕی بۆ بکاتەوە. لەم لای‌تریشەوە ئەگەرچی بزوتنەوەی ئازادیخوازیی جەماوەری بەرینبوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە دیتوە و مەیدانێکی گەلێک هەراوتری تەنیوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەمەش ئەوجۆرەی کە دەبێ، لەئاستی پێویستدا نیە کە بتوانێ بە یەکجاری پاڵ بە رژیمەوە بنێ و بیخاتە زبڵدانی مێژووەوە.

ئەم بارودۆخە ئاڵۆز، هەستیار و مێژووییەی ئێستا وشیاری زیاتری جەماوەری و هاوپێوەندی چڕوپڕتری هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخوازێ. بەتایبەت هاتنە مەیدانی زیاتری بزوتنەوەی بەرین و پڕهێزی کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەوێ. یەکانگیری و دورکەوتنەوە لە دابڕ بوون و ناکۆکی دەوێ. هاوکاری و هاوپێوەندی زیاتری نێوان هێزە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی دەوێ.

کلیل و رەمزی سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە و کۆتایی هێنان بە نەهامەتی و نەگبەتییەکی سی‌وسێ ساڵە ـــ کە لە ملی کۆمەڵگای مەینەتدیتووی ئێران ئاڵاوە ـــ تەنیا و تەنیا لە بەشداری بەرین و پڕئەژمار و بەردەوامی کۆمەڵانی خەڵک لەناو شەقامەکان و لە ناو مەیدانی کاروگوزەرانی راستەقینەی کۆمەڵگا دایە. هیچ رێگاییکی‌تر لەبەردەمدا نیە، جگە لەوەی هەموو هەوڵەکان بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییە و بۆ هەرچی زیاتر جەماوەری‌تر کردنی دەنگ هەڵبڕینەکان و ناڕەزایەتی دەربڕینەکان تەرخان بکرێ و هەموو رێگاکانی

**"ئاوانتاریسم" و بەلاڕێدا بردنی ئەم بزوتنەوانە کوێر بکرێتەوە، کە لاواز کردن و تەریکخستنەوەی بە دواوەیە. لە گەڵ هەموو ئەمانەش دا هەرگیز نابێ چاو لە "مەلاخۆر"کردنی ئەم بزوتنەوەیە لە لایەن دەرفەتخوازەکان و لە "بناپارتیسم"ی ناو ڕاپەڕین و بزووتنەوە غافڵ بکرێ.**

**بەهاری سەرکەوتن دوور نیە ئەگەر ئەزموونی وەچەی دوێنی و نەوەی ئەمڕۆ یەکتر بخوێننەوە و ئاوێتەی یەکتر بن.**

2ی ڕەشەمەی 89

21 فوریەی 2011